کوردی

VISION رؤية 2030
المملكة العربية السعودية
KINGDOM OF SAUDI ARABIA

المملكة العربية السعودية
الرئاسة العامة
لهيئة الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر
الإدارة العامة للتوعية

# شاخی عەرەفە

پێداچوونەوەی
هەموو ئەمانە لە بیدعە و گومراییەکانە



الرئاسة العامة لهيئة الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر - الإدارة العامة للتوعية
هاتف ٠١١٤٩٠٨٤٨٦، فاكس ٠١١٤٩٠٨٥٦٦.
ص. ب ١٤٠٣٣ الرياض ١١٤٢٤ المملكة العربية السعودية
www.pv.gov.sa

ئافرەتان بە پیاوان لە کاتی سەرکەوتنی شاخەکە و هاتنەخوارەوەی دا هەڵەیە و نەفامییە، و بیدعەیەکی ناشیرینە لە پاش نەمانی پێشینە چاکەکان سەری هەڵداوە، داوا لە خوا دەکەین کە ئەوە و بیدعەکانی تریش نەهێڵێ».

ئیبن تەیمیەی ئەلحەنبەلی -خوا لێیخۆشبێت- لە مجموع الفتاوی (١٣٣/٢٦) دا دەڵێ: «سەرکەوتنی سەر شاخەکە سوننەت نییە...».

و هەروەها لە الاختیارات العلیة (٩٦) دا دەڵێ: « بە کۆدەنگی زانایان سەرکەوتنی سەر شاخی رەحمەت رێپێدراو نییە ».

و مرداوی حەنبەلی لە الإنصاف (٢٩/٤) دا دەڵێ: «لێکۆڵینەوەیان لە شوێنی وەستانی پێغەمبەر درود و سڵاوی خوای لەسەربێت کردووە بەڵام هیچ بەڵگەیەك لەسەر شاخی رەحمەت نەسەلمێنراوە».

سێیەم: ئەو بیدعە و سەرپێچییانەی هەندێك لە حاجییان تووشی دەبن:

هەندێك لە حاجییان دەکەونە ناو هەندێك لە بیدعە و سەرپێچی لەسەر شاخی حەرا، و هۆکاری ئەمە ئەوەیە کە پێیانوایە ئەم شوێنە پیرۆزە و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، باسی ناراستی ئەمەمان کرد، و بۆ ئەوەی حاجی ئاگاداربێت لەوەی نەکەوێتە ناو ئەو بیدعە و سەرپێچییانەوە باسی هەندێکیان دەکەین:

باوەڕهێنان بەوەی وەستان لەسەر شاخەکە باشترە لە شوێنەکانی تری عەرەفە.

وتاردان و نوێژکردن لەسەر شاخەکە.

داگیرساندنی مۆم و ئاگر لەسەر شاخەکە لە شەوی عەرەفە دا لەسەر شاخەکە.

بردنی هەندێك لە خۆڵی شاخەکە.

دەستهێنان بە نیشانە سپییەکە (الشاخص) و ماچکردنی.

نوێژکردن بۆ نیشانە سپییەکە.

دوعاکردن لای نیشانە سپییەکە و بەرزکردنەوەی هەردوو دەست بۆ ئەوێ وەك ئەوەی داوای لێبکەی.

نووسین لەسەر نیشانە سپییەکە.

تەوافکردن بە دەوری نیشانە سپییەکەدا.

بەستنەوەی قوماش پێیەوە.

دانانی نامەی نووسراو لە پارچە کاغەز یان قژ یان پارە یان وێنە لە نێوان درزی بەردەکان لەبەر بیروباوەڕی جۆراوجۆر، وەك ئەوەی کە دووبارە بگەڕێیەوە ئەوێ، یاخود فلانە کەس حەج بکات یان بۆ شیفای نەخۆشێك، یان ئافرەتێك دووگیان ببێ.

داواکردن بۆ ئەو کەسەی کە حەجی لای شاخەکە نەکردووە بۆ ئەوەی ساڵی داهاتوو حەجەکە بکات.

جگە لە چەندین بیدعە و سەرپێچی و خورافەی تر کە خوا بە هی جۆرێك فرمانی پێنەکردووە. (١)

(١) بۆ زانیاری زیاتر: کتاب جبل إلال بعرفات تحقیقات تاریخیة شرعیة د.بکر بن عبد الله أبو زید.

**یەکەم: ناساندنی:**

شاخێکی بچوکی لوتکە پانە لە بەراورد لەگەڵ شاخە بەرزەکانی دەوروبەری، و لە بەردی گەورەی رەق و پارچەکراو پێکدێت، کە لەسەر یەك هەڵکەوتووە، شاخێکی زۆر رەق نییە و زۆریش نەرم و لەڕ نییە، دەکەوێتە رۆژهەڵاتی عەرەفاتەوە لە ژێر سیبەری شاخی سەعد دایە، بەرزییەکەی لە لوتکەکەی لە باشورەوە تا زەوی نزیکەی (٦٥) مەترە.

بەم ناوانە دەناسرێ: (شاخی ئیلئەل، و شاخی عەرەفە، و شاخی رەحمەت، و شاخی دوعا، و شاخی موشات، و شاخی کبکب، و شاخی ئەلقورەین)، بەڵام

**دووەم: راستییەکەی:**

زانایان لە مەزهەبی جۆراوجۆرەوە باسی ئەوە دەکەن کە هیچ شتێکی تایبەت نەسەلمێنراوە دەربارەی ئەم شاخە بەڵکو وەك هەر شوێنێکی تری عەرەفەیە، هەروەها دەڵێن کە رێپێنەدراوە بەسەر شاخەکەدا سەرکەوی و هیچ نوسکێك نیە

کە پەیوەندی پێوە هەبێ.

زانای بەتوانا مەلا عەلی قاریئ ئەلحەنەفی -خوا لێیخۆشبێت- لە شرح اللباب (لاپەڕە ٨٤) دەڵێ: «بەسەرکەوتن بۆ شاخەکە، هیچ ئەسڵێکی نییە بەڵکو تەنیا بیدعەیەکی خراپە».

و هەروەها لە (لاپەڕە ٢٢٤) دا دەڵێ: «باشتر وایە لە شوێنێك بوەستێ کە ئامادەگی هەبێ بەبێ ساردبوونەوە و کەموکورتی، بەڵام سەرکەوتن بۆ سەر شاخ هیچ ئەسڵێکی نییە، و و سووربوونی خەڵك لەسەر وەستان تیایدا، و مانەوەیان بەر لە کاتەکەی و دوایە ئەوە...لە بیدعە خراپەکانە».

و ئیمام ئیبن ئەلحاجب ئەلمالکی -خوا لێیخۆشبێت- لە باسکردنی ئەو بیدعانەی کە خەڵکی لەسەر ئەم شاخەدا دایانهێناوە، دەڵێ: «لەوانە هەڵکردنی ئاگر لەسەری لە شەوی عەرەفەدا، و بایەخدان پێی بەوەی کە مۆم لە وڵاتانی خۆیانەوە دەهێنن، و تێکەڵبوونی ئافرەتان بە پیاوان لە کاتی

سەرکەوتنی شاخەکە و هاتنەخوارەوەی دا...ئەمەش گومڕاییە و هاوشێوەی کاری موشریکەکانە لەم شوێنە پیرۆزەدا».

و ئەشنقیتی مالکی -خوا لێیخۆشبێت- لە أضواء البيان (٢٦٣/٥) دا دەڵێ: «دەزانم کە سەرکەوتن بۆ سەر شاخی رەحمەت کە خەڵکانێکی زۆر دەیکەن هیچ ئەسڵێکی نییە، و هیچ فەزڵێکی نییە، لەبەر ئەوەی هیچ شتێك لەم بارەیەوە نەهاتووە، بەڵکو وەك هەموو خاکی عەرەفەیە، و عەرەفەش هەمووی شوێنی وەستانە».

ئەلجوەینی شافعی-خوا لێیخۆشبێت- دەڵێ: « لە ناوەڕاستی عەرەفەدا شاخێك هەیە، پێی دەڵێن: شاخی رەحمەت، چوونە سەری هیچ جۆرە نوسکێکی تێدا نییە، هەرچەندە خەڵك لەسەر ئەوە راهاتبێ».

و ئەننەوەوی شافعی -خوا لێیخۆشبێت- لە المجموع (١٠٧/٨) دا دەڵێ: «ئەوەی لای خەڵك باوە کە لەسەر شاخی رەحمەت بوەستن کە لە ناوەڕاستی عەرەفاتە

و بەباشتر زانینی

لە شوێنەکانی تری عەرەفات بە رادەیەك کە هەندێك لەوان وادەزانن کە وەستان تەنیا دەبێ لەوێ بێ، ئەمە هەڵەیەکی ئاشکرایە و پێچەوانەی سوننەتە، کەس باسی فەزیڵەتی سەرکەوتنی ئەم شاخەی نەکردووە، بەڵکو حوکمی وەك هەموو شوێنەکانی تری عەرەفاتە».

و ئەلموحیب ئەتتەبەڕی شافعی-خوا لێیخۆشبێت- لە القِری (لاپەڕە ٣٨٦) دا دەڵێ: «هیچ خێرێك نەسەلمێنراوە لە سەرکەوتن بۆ ئەم شاخە کە خەڵکی گرنگی پێدەدەن».

و ئیبن جەماعە شافعی -خوا لێیخۆشبێت- لە هداية السالك دا دەڵێ: «ئەوەی کە لای خەڵکی باوە کە پێیان وایە باشترە لەسەر شاخی عەرەفە بوەستن لە شوێنەکانی تر یاخود کە هەر دەبێ لەسەری بوەستن، و خۆشحاڵبوون بەوەی بەر لە کاتەکە لەوێ بوەستن و مۆم داگیرساندن لە شەوی عەرەفەدا، و گرنگیدان بەمە و هێنانی مۆم لە وڵاتەکانیانەوە، و تێکەڵبوونی